ئامادەبوانی بەڕێز... خوشکان برایان بەیانیتان باش... بەڕێزان... ئەمڕۆ 9 – 12 لەسەر ئاستی جیهان، ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی بەرز ڕادەگیرێت، و دەکرێتە دەرفەتێک بۆ باسکردن لە گونجاو ترین میکانیزمی ڕووبەڕوو بوونەوە، چونکە گەندەڵی دیاردەیەکی فرە ڕەهەندی ئاڵۆزەو کاریگەری نەرێنی لە سەر هەموو وولاتێک هەیە، ئەگەرچی کاریگەریەکە ڕێژەییە بەڵام دامەزراوە دیموکراسیەکان بنکۆڵ دەکات، گەشەی ئابووری و کۆمەلایەتی دوادەخات، دەبێتە مایەی ناسەقامگیریەکی تاقەت پڕوکێن. هەرێمی کوردستانیش سەربارى ئەوەی کە خاڵی و دابڕاو نیە لە بوون و کاریگەریەکانی گەندەڵی لەسەر ئاستە جیاوازەکان، هاوکات پێدەچێت هێشتا دەستمان بە گونجاوترین میکانیزم بۆ سزادانی گەندەڵکاران نەگەیشتبێت، یان چەک و ئامرازەکانمان لە ئاستی خواستدا نەبووبێت، بۆیە تا ئێستاش دامەزراوەکانمان گیرۆدەی گەندەڵیە، کە ئەرکی لێبڕاوانەی خستوەتە سەر هەمووان، لە دەسەلات و دامەزراوە فەرمیەکانەوە تا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن و تاک و کۆمەڵگەش بە گشتی. ئامادەبووانی بەڕێز... ئێمە بڕوامان وایە، هەنگاوی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئەو کاتە دەست پێدەکات کە فەرمانڕەوا خۆی دان بە بوونی گەندەڵی دابنێتو نکوڵی و داکۆکی لێ نەکات، ئەوکات ئیتر دۆزینەوەی چارەسەری هەنووکەی و ستراتیژی دوورمەوداش ئاسانتر دەبێت و زەمینەکاری پێکەویش دەڕەخسێت. خۆشبەختانە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوی یەکەممان تێپەڕاندووەو، چ دامەزراوە فەرمیەکان و چ حیزبە سیاسیەکانیش، بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە گەندەڵی ڕۆچووەتە نێو جومگەکانی فەرمانڕەوایی و تەنانەت بەشێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیشی گرتوەتەوە، ئەگەر وابێت ئەوا قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات و ، کەم تا زۆر لەسەر هەندێ ئاست دەستی پێکردووە، بەوەی ئیتر ئامراز و کەرەستەکانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی تاقی دەکرێنەوە و ئاستی کاریگەریان هەڵدەسەنگێنرێ، بەڵام بە گشتی پرۆسەکە لە سەرەتادایە و لە ئاستی قەبارەی دیاردەکەو خواستی چاکسازی خوازاندا نیە، بۆیە لە ڕوانگەی باوەڕبوونمان بەوەی کە پیادەکردنی پێوەرەکانی حوکمی ڕەشید و لێپرسینەوەو سزادان، بەتایبەت ئەو پێوەرو پرەنسیپانەی لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی هاتوون، فاکتەرو ئامرازی بنەڕەتین بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دەبێ بکرێتە ئیلهامبەخشی کاری ئایندەییمان. لەسەر ئەو بنەمایە و، سەرباری پابەند کردنی خۆمان لە پەرلەمان بە ڕەخساندنی زەمینەی تەشریعی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەسەر ئاستە جیاوازەکان و، پشتیوانی کردنی گشت هەنگاوەکانی چاکسازی کەم بێ یا زۆر و، هاندانی پەرلەمانتاران و لیژنەکان بۆ بەدواداچوون و چاودێری، پێمان وایە حکومەت هەرێمی کوردستان سەرباری ئاڕاستەکردنی پرۆژەی یاسای چاکسازی بۆ پەرلەمانی کوردستان، دەبێت ئەرکی خۆی لە بەرجەستەکردنی دروشمی ڕاگەیاندراوی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بە پلان و ستراتیژ بەپێی ئەم خاڵبەندیە بەجێبهێنێت:-

یەکەم / لە هەرێمی کوردستان (ستراتیژی نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی) ڕاگەیندراومان هەیەو، دەبێت حکومەت لە زووترین کاتدا یان کارای بکات و ئەنجومەنەکەی بۆ کۆبوونەوە ڕاسپێرێت، یان ئەڵتەرناتیڤی هەموارکراوی گونجێنراو لەگەڵ کارنامەی کابینەی نۆهەم و ئامانجەکانیدان ڕابگەیەنێت.

**دووەم/بەشداری پێکردنی دامەزراوەی داواکاری گشتی لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی دارایی و کارگێڕی و سزادانی گەندەڵکاران، بە ڕەخساندنی هەل و مەرجی باشتر بۆ کارکردنیان، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت کە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن دەستبەرداری دامەزراوەکە ببێت، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ نێو دەسەڵاتی دادوەری وەک ئەی لە دەستوری عێراقی ساڵی (2005) دا هاتووە.**

**سێهەم/ جێ بەجێ کردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە (11) کە لە ساڵی (2013) دەرچووەو تا ئێستا کاری پێناکرێت.**

**چوارەم/ جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2015)، یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازیەکان، بە ئاڕاستەی ناوی کاندیدانی دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقەکە لە لایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی دەنگیان لەسەر بدرێت و سندوقەکە دابمەزرێت، بەمەبەستی فەراهەم کردن و مسۆگەر کردنی شەفافیەتی تەوا لە داهاتی نەوت و غازی هەرێم.**

**پێنجەم/ کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی تری داهات لەلایەت حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی داهاتی مەزرو سنورەکان، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی ناوخۆیین و لە دووای داهاتی نەوت و غاز سەرچاوەی دووەمی داهاتن، بەڵام بە داخەوە ئەو ڕاپۆرت و بەدواداچوونانەی کە لە دوومانگی ڕابردوو تا ئێستا سەبارەت بە دۆخی ئەم مەرزانە لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمان و پەرلەمانتارانەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ڕای گشتی کراون، مایەی نیگەرانیەکی قوڵن و دەبێت حکومەتی هەرێم بە دەستێکی پۆڵاین ڕووبەڕوی ئەوانە ببێتەوە کە بەدەر لە حوکمی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان تا ڕادەی ساختەکردنی بەڵگەنامەش، دەستیان بەسەر داهاتی ئەو مەرزانەدا گرتووەو بوونەتە مایەی زیانی دەیان ملیۆن دۆلار لە داهاتی گشتی.**

**لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، پرۆسەی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، بەگشت جۆر و ئاستەکانیەوە، پرۆسەیەکی درێژخایەن و پلە بە پلە ڕێکخراوە، هەمووومان پابەندی بەرپرسیارێتی پێکەوەیی و تضامنی دەکات و، دەشێت جگە لەوەی خۆی لە خۆی دا بە جێهێنانی ئەرک، ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی بەهێزمان هەبێت، ببێتە مایەی نووسینەوەی مێژوویەکی پڕشنگداری تایبەت، کەهیچی کەمتر نابێت لە وێستگە پڕ سەروەریەکانی گەلەکەمان، هەرچەندە هەمووومان ئەو ڕاستیە دەزانین کە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی، زیان بە کەسانێک دەگەیەنێت، کە جگە لەوەی بە ژمارە کەم نین هاوکات بەهێز و خاوەن نفوزیشن، بەڵام هەمیشە ئیرادەی چاکەکاران بەهێزترەو، دواجار هەر ئەویش سەردەکەوێت.**

**هەر سەرفراز بن و کوردستان ئاوەدان ....**